السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# خوای گەورە بەهۆی ئەم کتێبەوە خەڵکانێک بەرز دەکاتەوە وخەڵکانێکی تر نزم دەکاتەوە

لە عومەری کوڕی خەتابەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خوای گەورە بەهۆی ئەم کتێبەوە خەڵکانێک بەرز دەکاتەوە وخەڵکانێکی تر نزم دەکاتەوە».
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: (خوای گەورە بەهۆی ئەم کتێبەوە خەڵکانێک بەرز دەکاتەوە وخەڵکانێکی تر نزم دەکاتەوە): مانای ئەوەیە لە خەڵکی هەیە لە ئەم قورئانە دەخوێنێتەوە و خوای گەورە بەهۆی قورئانەوە لە دونیا وقیامەتدا بەرزیان دەکاتەوە، وهەیانە خوای گەورە لە دونیا وقیامەتدا نزمیان دەکاتەوە، هەرکەسێک کردەوە بە ئەم قورئانە بکات وباوەڕی بە هەواڵەکانی نێوی هەبێت، وفەرمانەکانی جێبەجێ بکات وخۆی لە نەهی لێکراوەکان بە دوور بگرێت، وشوێنی هیدایەت ورێنموێنیەکانی قورئان بکەوێت، وڕەوشتی بە پێی ئەو ڕەوشتە جوانانە بێت کە لە قورئانی پیرۆزدا باسکراوە؛ ئەوا خوای گەورە لە دونیا وقیامەتدا بەرزی دەکاتەوە، چونکە قورئان بنچینە وسەرچاوەی هەموو زانستێکە، وخوای گەورە دەفەرموێت: {يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ ءَامَنُوا مِنكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ واللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ} [المجادلة: 11] واتە: {خوداش پلەوپایەی ئەو کەسانە بەرز دەکاتەوە لە ئێوە کە بڕوایان هێناوە وە ئەوانەی کە زانستیان پێبەخشراوە بە چەند پلەیەک (پلەیان بەرز دەکاتەوە) وە خودا شارەزایە بەوەی دەیکەن}، ولە قیامەتدا خوای گەورە بەهۆی قورئانەوە خەڵکانێک بەرز دەکاتەوە لە باخە پڕ نیعمەتەکاندا. ئەوانەی خوای گەورە نزمیان دەکاتەوە؛ کەسانێکن بە جوانی قورئان دەخوێننەوە، بەڵکو خۆبەگەورەزانن -پەنا بە خوای گەورە- وباوەڕیان بە هەواڵەکانی نێو قورئان نییە، وکردەوە بە حوکمەکانی قورئان ناکەن وخۆیان بە گەورەتر دەزانن لەوەی کردەوەی پێبکەن، ونکۆڵی دەکەن ئەگەر شتێک باس بکرێت لە چیرۆکەکانی پێغەمبەران وئەوانەی پێشووتر یان باسی قیامەت وهاوشێوەی ئەمانە بۆیە پەنا بە خوای گەورە گومان دەکەن لەم باسانە وباوەڕیان پێی نییە، لەوەیە حاڵەتیان بگاتە نکۆڵی کردن وبە درۆدانانی قورئان ئەگەرچیش دەیخوێننەوە، ولە حوکمەکاندا خۆیان بە گەورە دەزانن وگوێڕایەڵی فەرمانەکان نابن وخۆیان لە نەهی لێکراوەکان ناپارێزن، ئەوانە خوای گەورە لە دونیا وقیامەتدا نزمیان دەکاتەوە -پەنا بە خوای گەورە-.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10119

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee